هێبەر ئەحمەد: سەرۆکایەتی هەموو بەربەستەکان لە کابینەی نێیەم توانرا بەشێکی زۆری گرفتەکانی هاووڵاتیان چارەسەر بکات.



هێبەر ئەحمەد، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕایگەیاند: سەرۆکایەتی هەموو بەربەستەکان لە کابینەی نێیەم توانرا بەشێکی زۆری گرفتەکانی هاووڵاتیان چارەسەر بکات.

ئەمڕۆ چوارشەممە، 5ـی تشرینی دووەمی 2025، هێبەر ئەحمەد، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان، کۆبوونەوەیەکی جەماوەری فراوانی بە ژمارەیەک لە ئەندام و کادرانی پارتی لە شاری هەولێر بەڕێوە برد.

لە کۆبوونەوە جەماوەرییەکەی دا، هێبەر ئەحمەد باسی لە بایەخی بەهێزی پارتی لە بەغدا کرد بە داکۆکیکردن لە مافە دەستوورییەکانی خەڵکی کوردستان و خولی داهاتووی پەرلەمانی عێراقی بە گرنگ بە پێداگیری لە راستکردنەوەی پشێلکارییە دەستوورییەکان بەرانبەر مافەکانی کوردستان و جێبەجێکردنی ماددەی 140 و ماددە دەستوورییەکانی دیکە دەبنە هەکاری هێنانە کایەوەی عێراقێکی فیدراڵ و سەقامگیر بە هەموو هاووڵاتیان.